((میوەیەکی پێنەگەیو بە دارەوە زۆر چاکترە لە میوەیەکی گەنیو لە ژێر داردا )) .پەندێکی چینی

# لە پاش چاوپێکەوتنەکەی بەڕێز محمد ڕەزا دا

**هەر کەس ئاگاداری مێژوو نەبێت هەر دەبێت چاوەڕێی ئەوەی لێبکرێت لە کوێوە بای هات شەن بکات و لە نێو ئاودا مانگ بگرێت .**

**کارمەند بەکر**
Karmand83atv@yahoo.com

**ڕاست ووتراوە کاتێك باس لەوە دەکرێت کە هێزێکی سیاسی کە دەسەڵاتی گرتە دەست تەنها ئەمڕۆ و سبەینێی لە دەستدا نیە بەڵکو دەتوانیٚ ڕابردووش بە دەستەوە بگرێت و مێژوو بە خواستی خۆی بنوسێت و لێك بداتەوە .**
**کاك محمد ڕەزا لە چاوپێکەوتنێکی سایتی نیشتیمان نێتدا و لە کۆتای بەو پەڕی کار کردنی بۆ چاندنی تۆوی ڕق و کینە و دوژمنایەتی ، دێت و باس لەوە دەکات کە حزبی شیوعی دژایەتی بارزانی نەمریان کردووە و دژی خواستەکانی گەلی کورد بوون .**

(( http://www.nishtimannet.com/dreje.aspx?id=2362))

**سەرەتا دەبێت ئەوە بگوترێت کە کاك محمد وەکو کەسێك قسە دەکات ، جا ئەگەر بەرپرسیارێتی حزبێکی لە ئەستۆ بووایە و هێزی چەکداری هەبووایە ، دەبوو بە دڵنیاییەوە بڵێین ئێستا لافاوی خوێن هەڵ دەستا .**
**لە چاوپێکەوتنەکەیدا بە ئاشکرا دیارە کە بە پەڕی تورەی و ڕقەوە لە دوو دێردا بیٚ شەرمانە مێژووی حزبی شیوعی تێکدەدا و وەك ئەوەی کە خەڵکی لە گوێی گادا خەوتبن و ئاگایان لە مێژوو نەبێت و بەس ئەم بەڕێزە ئاگای لە ڕابردوو هەیە ، ڕابردوویەکیش کە تەنها دوژمن کاری و دژایەتی گەلی کورد بێت .**
**ئەگەر ئەم بەڕێزە بیگوتایە کە چەند کەسانێکی نێو حزبی شیوعی بە هەر حاڵ وەردەگیرا بەڵام وەکو حزب ناوی دەبەی ئاخر نازانی بەسەدان کەسی حزبی شیوعی بۆ ئەم خاك و میللەت و کوردستانە سنگیان کردە قەڵغانی بەرگری و بە هەزارانیش بە خوێنی خۆیان تینوێتی ئەم خاکەیان شکاند و چەندەها ئافرەت بەرگی ڕەشیان پۆشی کاتێك کە کەس و کاریان لە ڕیزی حزبی شیوعی بۆ کوردستان چەکیان کردە شان و شەرەفمەندانە خۆیان کردە قوربانی ئازادی و ماف بۆ میلەتێك .**

**بۆیە ئەگەر کەسێك گوتار و کرداری بای هێندە نەبێت کە بتوانیٚ واقیانە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە و لێی بڕوانیٚ ، زمانی دیالۆگ و گفتوگۆکردنی نەبێت ، ئامادەبێت لە پێناو خۆبردنە پێشەوە درۆی شاخدار بکات ، بە جۆرێك قسە بکات کە توندوتیژی و تورەی و ڕق بەرهەم بهێنیٚ ، هەرگیز ناچێتە ئەو خانەیەی کە چاوەڕوانی ئەوەی لێبکریٚ شایستەی ئەوە بێت کە بتوانیٚ ڕێزی بەرامبەر – خۆشەویستی – وەفا – ڕاسگۆی – دڵسۆزی – هەڵکردن لەگەڵی – هێمنی ئارامی ... بەرهەم بهێنیٚ و ئەوانەشی بە ڕق و کینەوە قسە دەکەن کەسانێکن پێویستیان بە چارەسەری دەروونی هەیە .**

**دەکرێت کۆمەڵێك پرسیار ئاراستەی کاك محمد ڕەزا بکرێت و دڵنیام وەڵامەکەشی زۆر ئاشکرایە لای ، بەڵام کاتێك ڕاستیەکان نالێت خۆی بەرپرسیارە و مێژووش سۆزی بۆ هیچ کەسێك نیە :**
**باشە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مسعود بارزانی ، مەبەستی چیە کە لە فیستیڤاڵی ڕۆشنبیری هاوبەندی پێشمەرگە شیوعیەکان لە هەولێر گووتی** ((لەم ڕۆژانەدا یادی خەباتی هاوبەشی ئەو ڕۆژانە دەکەینەوە کە بەیەکەوە بەسەرمان برد دژ بە دیکتاتۆریەت و یادی ئەو ساتە خۆشانەش دەکەینەوە کە لە هەندرێن و زۆزك و کانی گیز بەیەکەوە بەسەرمان برد. دووپاتیشی کردوە کە پێشمەرگە شیوعییەکان بەشدارییەکی

گەورەیان لە پتەوکردنی برایەتیی کورد و عەرەب کردووە و رۆڵێکی باشیشیان لە بەرگری کردن لە بەهاکانی دیموکراسیەت و ئازادیشدا هەبوو. بەرێزیان گوتی بەشداری کردنی پێشمەرگە شیوعییەکان لە شۆڕشی ئەیلولی نیشتیمانی هەمیشە لەیاد وای کرد ئەو شۆڕشە ببێتە شۆڕشی هەموو عێراقییەکان کە تینووی ئازادین و دژ بە دیکتاتۆریەت دەجەنگن. )) **سایتی کوردستان تی ڤی** 2007/7/8

**دەبێت کاك مسعود لە حزبی شیوعی بترسێت ، یان مەست و مەرامی پشت ئەم قسەیە چی یە جگە لە ڕاستی و نەشێواندنی واقعەکە وەك خۆی ، لە بەشێکی تری قسەکانی سەرۆکی هەرێم دەڵێت** ((ئامادە بوونم لێرە ئەمڕۆ دەربڕێنێکی ڕاستەقینەیە بۆ سۆزم بەرامبەرتان و هەمیشە دووپاتی ئەوە لە دەزگاکانی حکوومەتی هەرێم دەکەمەوە کە لە سەریان پێویستە مامەڵە کردنیان لەگەڵ پێشمەرگە شیوعییەکان لە هەر شوێنێك بن وەك مامەڵە کردنیان لەگەڵ پێشمەرگەی کوردستان بێت )) **سایتی کوردستان تی ڤی** 2007/7/8

**باشە ئەگەر ئەمە ڕاستی و واقعی پێشمەرگەی شیوعی نەبێت لە شاخ و لە مێژوودا چ پێویست دەکات کاك مسعود بەو جۆرە بێت و قسە لە مێژووی پێشمەرگە شیوعیەکان بکات .**

**هەر لەو فیستیڤاڵەی پێشمەرگە شیوعیەکان کاك عدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت** ((لە وتەیەکیدا عەدنان موفتی تیشکی خستە سەر رۆڵی پێشمەرگە شیوعییەکانی عێراق و کوردستان لە پرۆسەی خەباتی شۆڕشگێری گەلی کوردستان . )) **هەمان سەرچاوەی پێشوو .**

**فازل میرانی سکتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت** ((پەیوندی مێژویی نێوان هەردو پارتی هاوپەیمانی رون کردەوە و گوتی: پەیوەندی نێوانمان زۆر کۆنە ))

**ئەم قسانەی لای کاك محمد ڕەزا چی دەگەیەنیٚ تۆ بڵێی ئەگەر پێشمەرگە شیوعیەکان دژایەتی خواستەکانی گەلی کوردیان کردبێت بتوانن وا سەربەرزانە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان فیستیڤاڵ ساز بکەن ؟؟؟؟؟ .**

**ئایا کاك محمد نازانیٚ یەکەم حزبی عێراقی حزبی شیوعی بوو ڕۆژنامەی بە زمانی کوردی و بەفەرمی دەرکرد کە لە کۆنگرە بڕیاری لەسەر درا ؟؟؟؟؟ .**

**ئایا ئاگای لە مێژوو نیە و نەگەڕاوەتەوە بۆ سالآنی سیەکانی سەدەی ڕابردوو کە لە ڕۆژنامەی زمانحاڵی حزبی شیوعی دا بە ئاشکرا و بە فەرمی داوا دەکات و بە حەقی گەلی کوردی دەزانیٚ کە خاوەنی دەوڵەت و سەربەخۆی خۆی بێت ؟؟؟؟ .**

**ئایا ئەگەر شیوعیەکان دژی خەباتی گەلی کورد و بارزانی نەمر بوون ، کامانەن بەڵگە کان و دەیسەلمێنن کە ئەم دژایەتیە کراوە ؟؟؟؟**

**ئەگەر کاك محمد ڕەزا و هەر کەسێکی دیکە بێت و ڕەخنە لە شیوعیەکان بگرێت مافی خۆیەتی ، ئەگەر باس لە کەموکوڕیەکانی شیوعیەکان بکرێت شەرم نیە ، شیوعیەکانیش نەنگی نیە لایان کە عەیب و عارەکانیان دەرخریٚ ! هیچ کەسێك نیە هەڵەی نەکردبیٚ ، بەلأم بە جۆرێك نا کە مێژوو تێك دریٚ و خۆڵ بکرێت چاوی خەڵك .**

**زۆر ئاساییە زریانێکبین لە ڕەخنە بەرامبەر حزبی شیوعی بەلأم ڕاستی بڵێین نەك قسەکانمان وەك گۆچان بێت .**

**مارکس ووتەنی مێژوو بەسەر ئەو کەسانەدا دووبارە دەبێتەوە کە سوودی لێوەرناگرن .**

**هەر کەس ئاگاداری مێژوو نەبێت هەر دەبێت چاوەڕێی ئەوەی لێبکرێت لە کوێوە بای هات شەن بکات و لە نێو ئاودا مانگ بگرێت .**